## کەی محەمەد موسفیرتەمێ دەبێ؟



**گۆران  هەڵەبجەیی**

نامەوی لێرەدا پێناسەی موسفیر بکەم زۆربەمان دەیناسین چ ماڵێکە.موسفیرو هاوسۆزەکانی لەوێنەی عەبدولباری عەتوان ,مستەفا بەکری,عەلی عەسقەلان,سەلیم مەتەر وتاد لە عەرەبە شۆفێنزمەکان بونەتە ئەستێرەیبەردەوامی کەناڵە ئاسمانیەکان, کەم ڕۆژ هەیە یەکێك لەو نمونە بەدناوانە لەبەرنامەیەکی یەکێك لە کەناڵە عەرەبیەکاندا بەدەنگ یا بەڕەنگ بەشدار نەبن ..هەر کە دێنە قسەش لە سەرەتاوە تا کۆتایی دوو ڕستەی بەکەڵك ناڵێن , بەڵکو هەموو لێدووانەکانیان ڕشتنی ژەهری شۆڤیەنیەت و هێرشی نابەجێوناشیرین بۆ سەر دسەڵاتی ئەمڕۆی  عیراق وگەلی کوردو ئەوانەی کە وەك ئەوان بیرناکەنەوە.هاوکات دەستخۆشی و پیا هەڵدان وکۆمەك بە مرۆڤە دڕندەکانی سەر بە زەرقاوی و سەدام ..هەموو ئەمەش دەخەنە نێو چوارچێوەی  پشتگیری لە گەلی عێراق. لێ لەڕاستیدا پشتگیریە لەهزری شۆفیەنیەتی عەرەب و سەدام پاساودانی تاوانەکانی.وەك لەسەرەتا ئاماژەم پێدا لە زۆربەی ئەو بەرنامانەدا هەموو توانایەکیان بەگەر دەخەن بۆ دژایەتیکردنیئەو حزب ولایەن و کەسایەتیانەی کە بە پێچەوانەی ئەوانەوەبیردەکەنەوە.جا بە مەبەستی ناشیرین کلردن و ناو زڕاندنی   نەیارەکانیان هەڵدەستن بەداتاشینیجۆرەها درۆو بوختان  وتۆمەتی قەبە بۆیان. ئەز لێرەدا دوو نمونەی محەمەد موسفیر دەخەمە ڕووکە چۆن بوختانی بۆ کەسانی دڵسۆزو ڕابردووخاوێن ولاتپارێزهەڵبەستوە,کە لە هەردووحاڵەتەکەدا  بەدرۆ خراوەتەوەو ناچارکراوە کە داوای لیبوردن بکات . بەرلە چەند مانگێك حەمەد موسفیر میوانی بەرنامەیەکی سیاسی کەناڵی ANNبوو,بابەتی بەرنامەکە لەسەر دۆخی نوێی عێراق بوو. لە و بەرنامەیەدا موسفیر نارەوایانە چەند تۆمەتێکی دایە پاڵمرۆڤی تێکۆشەروساسەتمەدارو نووسەری عێراقی و دۆستی کورد دکتۆر کازم حەبیب.بۆ وەڵامدانەوەو بەدرۆخستنەوەو  پشتگیری لە دکتۆرهەر بۆ ڕۆژانی دوایی چەندیت بابەت لەلایەن دۆستانی دکتۆرەوەلە ڕۆڤنامەو ماڵپەڕە عەرەبیەکاندا  بلاوکرانەوە.کاربەوەوە نەوەستا بەڵکو دکتۆرکازم کەناڵەکەی ناچارکرد کە میوانداری بکەن و هەر لەوێشدا موسفیر بە درۆ بخاتەوە.پاش ئەوەی دکتۆر کازم لەو بوارەدوا و ڕاستیەکانی خستە ڕوو هاوکات ناوی موسفیری هێنا کە بە هیچ جۆرێك نایناسێت ئیدیبە چ هەقێك تۆمەتی خستومەتە پاڵ  . پێشترپێشکەشکەری بەرنامەکە موسفیری ئاگادارکردبوویەوە لەوەی گەر داوایلێبووردن لە دکتۆر نەکات ئەوا  دووچاری سکاڵای یاسایی دەبێتەوە.ئەوەبوو بە تەلەفوون .پەیوەنی کردوو داوای لیبووردنی لە دکتۆرو بینەران وکەناڵەکەش کردلەوەڵامی پرسیارێکی دکتۆر کازمدا کە بۆچیبوختانم بۆ هەڵدەبەستیت  بیرو بۆچوونەکانت لەسەرشتی بێبناغە بونیات دەنێیت ؟لەوەڵامدا گووتی زانیاریهەڵەیان لە بارەی تۆوەپێداوم.دکتۆر کازم بەپێکەنینەوەگووتی تۆ دکتۆریت و لەزانکۆ دەرسدەدیت خوێندکار پەروەردە دەکەیت چۆن بڕوا بە قسەی خەڵکی دەکەیت بێ ئەوەی خۆت ماندوو بکەیت و بەدووای ڕاستیا بگەڕێیت.لەمەشدا هیچ وەڵامێکی پێنەبووجگە لە دووبارە کردنەوەی لێبووردن. لە ئاکامدا دکتۆر کازم جەولەکەی بردەوەو موسفیریش ڕووڕەشیو شەرمەزاری بەشی بوو.

جاریدووەم دووهەفتە لەمەوبەربوو  کەناڵی ئاسمانی  المستقلە بەرنامەیەکی لەسەر عێراق چێکرد,میوانانی بەرنامەکە بریتی بوون لە سیاسەتمەداری فاشیل وکۆنەسەرکردەی بەعسی صلاح عمرعلی ,شاعیروماموستای زانکۆ دکتۆر هاشم العقابی وە  لەڕێگەی تەلەفوونیشەوە محەمەد موسفیر.بۆچوونەکانی  موسفیرو کۆنە بەعسیەکە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبووتەنها لەڕوویدەربڕینەوەنەبێت. موسفیر بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دەردەبڕی و ڕاشکاوانە گووتی هەر لایەنێك کەسێك نەتەوەیەك  هاوکاری هێزی داگیرکەران بکات ئەوە ناپاك و سیخوورەو

کووشتنیان  ڕەوایە , لە نێویانیشدا هێزی پێشمەرگە. لێ صلاح  بەشێوازێکی کەمێك هێمنانە هەمان بۆچوونی دەردەبڕِ وە زیاتر بە بەژنووبالآی تەرۆریستەکاندا هەڵدەداو کارە وەحشیگەریەکانیانی بەکاری پاڵەوانانە لەقەڵەمدەدا.
وەڵێ دکتۆرهاشم تەواو بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەدوا وەزۆر بە هێمنانەو بە بەڵگەوە بەرپەرچی هەردووکیانی دەدایەوە بەتایبەتی مووسفیر.لە ئاکامدا موسفیرئاگریگرت وبەلآنسی تێکچوو وەکەوتە قسەی نابەجێ بە دکتۆر هاشم. مافی هەرکەسێکە گەر ناهەقی وسوکایەتی پێکرا بەپێی پێویست لەکات و شوێنی خۆیدا  بەرسف بداتەوەو پشتگیری لە خۆی بکات. هەربۆیەش دکتۆر هاشم ڕێگەیبەدکتۆر موسفیر نەدا لەوەزیاتر سنووربەزێنی بکات و قسەی پێبڕی و بەجۆرێك بەرسیفی دایەوە کە ناچاری کرد داوای لێبووردنی لێبکات . موسفیر ماوەیەك بێدەنگ بوو ئەمجارە بە چەشنێکی دیکە هاتەدەنگ کە هەوڵیدا دۆڕاوی خوی قەرەبوبکاتەوە وەڵێ ئەمجارەش وەك جاریەکەم شکستی هێنا. ئەمجارە تۆمەتێکی ناشیرینی خستەتەك دکتۆر هاشم ,گوایە کاتی خۆی ئەم بەپشتگیریی دارایی سەددام دکتۆرایتەواو کردووەو تێزەکەشی لەسەر هزری بەعس بووە. هەمدیس دکتۆر هاشم بەرسیفی دایەوە لێ ئەمجارە زۆر کارایانە ,گووتی ﴿ تۆ درۆزنیت درۆو بووختان هەڵبەستن پیشەتە لەسەر ئەم درۆیەشت تەمێت دەکەم وە دەتدەمە دادگا چونکە دەتەوێت ناوی من پۆخڵ بکەیت. من لە ژیانمدا دێڕێکم نە بۆ سەددام و نە بۆ بەعس نووسیوە و دووژمنیکی سەرسەختی سەددام و ڕژێمەکەشی بووم . تێزەکەشم لەسەر پەروەردەی منداڵ بووە ,ئامادەم سبەینی لەسەر ئەم شاشەیەوە نموونەیەکی  نامەی دکتۆراکەمت نیشانبدەم.﴾
پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە دکتۆر هاشم هەندێك ووشەیمزری  ئاراستەی مووسفیر کرد,کەبە ڕاستی کاریگەربوون  بە جۆرێك کە مووسفیریکرکرد. دەشێ ئەمجارەش زانیاری هەڵەیان  پێدابێت. لێ ئەو بێ گوێدان بەسەرچاوەی بەڵگەکانی زۆر بەمتمانەوە دەدوا , خۆشحاڵ بوو بەوەی کە خاڵێکی لاوازی لە دکتۆر هاشمدا دۆزیوەتەوەو دەتوانێت بەمە گۆڵێکی چاکی لێ  بکات. ئەوەی لەوبەرنامەیەدا بە مووسفیکرا گەر بە هەرکەسێکی دیکە بکرایە بیێگومان نەك هەرلە شەرماندا ڕووی بەشداری تەلەفزیۆنی نەدەما بەڵکەو وازی لە سیاسەتیش دەهێنا .بەلآم دیارەمرۆڤی بێئابرو باکی لەوشتانە نیە بەڵکو گرنگ لای  خۆدەرخستن وهەڵڕژاندنی ژەهری  هزری شۆڤیەنیەت و تۆمەتبارکردنی میللەتی کوردو کەسانی دڵسۆزوخەباتگێڕو نەیارانی ناسیۆنالیزمی عەرەبە, وهاوکات  داکۆکی کردن لە سەددام و دیکتاتۆرەکانی دیکەی عەرەب.
پێدەچێت  چەندین جاری دیکەش هەمان شتی بەسەر هاتبێت و شەرمەزار کرابێت.جا پرسیار لەوەدایە کەی مووسفیر دەست لەم کاسپیە دۆڕاوە هەڵدەگرێت؟لە کوردەواریدا کەسێك گەر هەڵەیەکی دووبارەو چەند بارە کردەو و لەدوای هەرجارێکیش سەرزەنشت کراو هەر وازی نەهێنا ,ئیدی بەو کەسە دەڵێن  تەرنابێت یاخود عارنانێت یا تەمێ نابێت.جا دیارە محەمەد مووسفیریش لەو مرۆڤانەیە کە تەمێ نابێت.